# بەرەو عەقلانیەتی نویٚ
# کۆڕیٚکی (عبر مناهجی) لە سۆربۆن

ن: سەمیر کۆسا
و: ئەیوب عومەر

لەژیٚر ناونیشانی (بەرەو عەقلانیەکی نویٚ) بنکەی لیٚکۆلیٚنەوەی رۆمانی لە پاریس هەلسا بەریٚکخستنی کۆڕیٚکی گفتوگۆ لە زانکۆی (سۆربۆنی پاریس)، بۆ ئەم مەبەستە کۆمەلیٚك لە گەورە پسپۆرانی (العبر المناهجین) بانگهیشت کرابوون. گرنگی ئەم کۆڕە لەوەدایە تیشك دەخاتە سەر ئەو واقیعە ئالۆزەی لیٚکۆلەرەوەکان دیراسەی دەکەن، زۆربەی زانایان باوەڕیان وابوو - تا کۆتایی سەدەی نۆزدەم - گیٚتیمان شاردراوەکانی کە ژمارەیان لە پەنجەکانی یەك دەست کەمترە، دەدرکیٚنی. بەلاٚم پیٚشکەوتنی خیٚرای زانستەکان توانی ئەم بڕوایە تیٚك بشکیٚنیٚت. فیزیا لەگەل دایك بوونی فیزیای نیسبی و کوانتی شۆڕش گەلیٚکی بەخۆیەوە بینیکەپیٚچەوانەی ئەو بڕوایە ئاشکرا کرد کە دەلیٚ: چەند بە ناخی مادەدا رۆچین رووبەڕووی جیهانیٚکی ئالۆزتر دەبینەوە. زانستەکانی تریش پیٚشکەوتنیٚکی زۆرو و خیٚرایان بەخۆوەبینی، و پەیوەندی جیهانی بەتین تربوو، زانست پیٚشکەوت و کۆمپیوتەر سەری هەلدا. دەرئەنجامە راستەوخۆکانی ئەم دەسکەوتانە: دروست بوونی پەیوەندی قولتر لەنیٚوان گەلاندا،بیرۆکە بالاٚدەستی گشتی نەتەوە پیٚشکەوتووەکان هەرەسی هیٚنا. لیٚشاوی ئەم پیٚشکەوتنە لەسەر هەموو ئاستەکان ، روونی کردەوە لۆژیکی کۆن ناتوانی گوزارشت لەم واقعە نوێیە بکات . ئایا جیٚگر یا چەند جیٚگرەوەیەکی تر هەیە بۆ ئەو لۆژیکە کۆنە بۆ ئەو ئەقلانییەتەی لەگەلیٚدایە؟ ئەمە ئەو تەوەرە یان ئەو پرسیارەیە کە ئەم کۆڕە ویستی وەلاٚمی بداتەوە.

ئیدغار مۆران: (دەبیٚ بە شیٚوەیەکی گشتگیرلە جیهان بڕوانین ).

ئیدغار مۆران(١) دەستی کرد بەکۆڕەکە بەوانەیەك بەناوی (ئەقل، ئەقلانیەت، ژیرۆکی (عەقلەنە)، ریٚبازی ژیری) تیایدا بانگەشەی کرد بۆ عەقلانیەکی کراوە لە جیهاندا. مۆران لە وتارەکەیدا پیٚناسانەی ئەمانەی خوارەوەی پیٚشکەش کرد:

- ئەقلانیــەت (Rationalite): بریتییــە لــە گفتوگ لە نێـوان مـرۆڤ و جیهـان. ئـەم گفتوگۆیـەش بەرەنگاری ئەو ئاستەنگانە دەبێتـەوە کـە پەیوەنـدیان هەیە بـە بـەراوردکردنی واقیـع لەگـەڵ هـەر شـتێکی بەجێ.

- ژیرۆکی (Rationalissation): واتا داخرانـی بیر بۆ واتایەك یان کۆمەڵێك واتا یتیایدا کـە ژیرۆکـی بەواقیعیان دادەنێ، ژیرۆکی تـەنها ژیریـەکی داخـراوە جیاوکێکی تایبەت دەبەخشێتە رژێم. بە ڕای (مـۆران) ئەقلانییـەت دوژمــنی ژیرۆکییــە، و دەرێخـست کـەوا ژیرۆکی بەردەوام لە زۆربـەی بـیردۆزە زانـستییەکان و بیرۆکەکانی تردا دەردەکەوێ، ئـەو بیرۆکانـەی هـەموو واقیع لەدەستە واژەیەك پرنسیپدا کۆدەکەنەوە و کراون بە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی بۆهەموو شتەکان.

- ڕێبازی ژیری (Rationalisme): بـەپێی ئـەم ڕێبـازە دەتوانرێـت نـاوەڕۆکی هـەموو شـتەکان وەك رەوشت و زانست و ئیتر.. مل کەچ بکرێت بۆ ژیر.

- ژیـر (Raison): ئەمــەش بابــەتی گـرەوە کـە مۆران نارازیە بـۆ پێناسـەکردنی. ژیـر واتـا چـەق، و بــەردەوامیش پــێش دەکــەوێ، نــازانین چییەو چـیش دەبێ.

لە رۆژئاوا دوو واقیعی هەیە: یەکەمیان تێکـدەرە بۆ هەموو شتێك وەك داستان و بیردۆزەکـان و ئـایین و شتی تر، وادادەنرێ (بێ مانا بـێ) بـەلام دووەمیـان، ژیریـەکی دروسـتکەرە هەوڵـدەدات واتایـەکی بەیـەك بەستراو پێشانی جیهان بدات، هەروەها مـۆران دەڵـێ: لــەو ســاوە لەگــەڵ (روبــسبیر) دەســتمان کــرووە بــە چــاککردنی ژیــر. و هـــەروەها (هیگـــڵ) هەڵـــسا بەکۆکردنـــەوەی نـــاکۆکی و بەیەکـــەوەنانی لـــە بەسـتنەوەیەکی گونجـاو، واتـا ژیرۆکیـەکی نابـەجێ، لەگەڵ جێ هێلانی مافی کرانەوەی (واتـای دیالێکتـا).

بەڵام (کیرکیگۆر) رەخنەی لە هیگل گرت، گوتی: ئەو هەموو شتێك دەزانی دەربارەی جیهان بێجگە لە خۆی کەچی رەخنەی (کیرکیگۆر) لـەلای خۆیـەوە ژیرانەیـە هەرچەندە بەرای ئەو (بـیر) دەستەوسـانە بـۆ گەیـشتن بەڕاستی.

واقیعی رۆژئاوایی بیروڕایەکی جیهانی لە دانـراوی تایبەت وەرگرت، دوایـی ئـەم واقیعیـە گـشتانرا بـۆ ئەوەی جیهانی بێت. دانانی تاقیکردنـەوەی بەبنـەڕەت بــۆ رووداوِ بنەمایــەکی جیهــانی دادەنرێــت و لـــە ناوەڕۆکیـدا وەردەگـرێ، بـەم شـێوەیە ناکۆکییـەکانی واقیعی بوو بەناکۆکیەکی جیهان و لە پۆلینە گرینگـە بە ناوبانگەکەی (کیهام) بینرا هەموو کۆمەڵگەیەك لە پێشکەوتنیدا بەنادیاری دەست پێ دەکـات و بـەژیری کۆتایی دێت بـەلام توێژینەوەیـەکی سـەرەتایی سـادە لەسەر گەلان دیاردەدات کە گـەلان بـەدوای پلانێکـی ئاڵۆزدا دەڕۆن لە ژیانی رۆژانەیاندا، و دەتوانرێ هەمان شـت بـەدی بکرێـت لـە ژیـانی ئاڵـۆزەکان. ئـەوەی کۆمەڵگایانە جودا دەکاتەوە لەگەڵ کۆمـەڵگاکانی تـر پەیوەندی جیاوازیە لە نێوان و ناژیری. رۆژئاوا زانـستە پەتیەکـەی کـردووە بـە داسـتانێکی نـوێ بزوتنـەوەو رووداوە نوێیـــەکانی جیهـــان قازانجیـــان بـــەرۆژئاوا گەیاندووە لە پەیداکردنی هۆشـیاری نـوێ، کـە بـووە هۆی بینێکی (رێژەیی) بۆ راستییەکان و بـەکارهێنانی کۆمەڵگەکانی تر وەك ئاوێنەیـەك بـۆ خۆیـان. لەگـەڵ ئەو بینینە رێژەییـەدا سـنوری عەقلانیـەت رون بـۆوە پاشان سنوری لۆژیك.

لۆژیك ناتوانێ وەکو بیردۆزی ماتماتیکی (گـودڵ) سەلماندویەتی تێبگات لە رستەو هەڵبەسـتراوی ئـاڵۆز بۆیـە دەگەینـە ئـەوەی کـە دژایـەتی مانـای هەڵـە ناگەیــەنی لــە هــەموو کاتێکـدا، بــەڵکو دەبێتــە رێپێشاندەری چینێکی قوڵتر لـە واقیعـدا. بـۆ نموونـە

دروست بوونیٚ دەرچوونی چەرخ لە ناچەرخ بەشیٚوەیەکی ژیری لە بیری شەق بوونی گەورەی فەلەکی نویٚ.

لەوەی رابردوو بۆمان دەردەکەویٚت بوونی واقیعیٚکی دیالۆجیکی کراوە نەك دیالیٚکتی. یالیٚکتا دیار دەکات کە لەسەر یەکە یەك دابەش دەبیٚت، بەلاٚم ئەوەی گرنگە بۆمان چۆن دوو شتی پیٚچەوانەی یەکتر دەبیٚتە شتی بەیەکەوە بەستراو. بۆ نموونە بۆماوە نەمرەکان لەگەلٚ پڕۆتینە نەماوەکان بەشداری دەکەن بۆ پیٚکهیٚنانی بوونەوەری زیندوو. و دەتوانین بوارەکانی تر چارەسەر بکەین بەواقیعی وەکو داستان و هەلٚبەست و شتی تر، ئەمەش وا پیٚویست دەکات کە ئەم واقیعیە پیٚچەوانەی عەقلٚەنە بیٚت و بەبەردەوامی نویٚبیٚتەوە، و توانا دار بیٚت لەسەر رەخنەی خودی و بیٚلایەن بیٚت لە لۆژیك و کراوەبیٚت لەسەر بوونەوەری ئالٚۆز بیٚ ئەوەی وردی و رەسەنی لە دەست بدات بەم شیٚوەیە جیهانەکەمان دەبینین بەگشتیٚنراوە فیزیای و بایۆلۆژی و ژیری و گیانییەکەی بەبیٚ کەموکوڕی.

ل. م ئەرکارد دەلٚیٚت: خەیالٚی رۆماننووسەکان پیٚچوونی هەلٚگرتووە بۆ راستی و مرۆڤ

ئەرکارد(٢) لیٚکۆلٚینەوەیەکی پیٚشکەشکرد بەناوی (اللامعقولیە المعقول - نابەجیٚی بەجیٚ لە رۆمانی تراجیکومیدیە) تیایدا رۆمانی ئەو نووسەرانەی خویٚندەوە کە نازناویانی (رۆماننووسی تراجیکۆمیدیا) بوو وەکو: سەربانتس، دیستۆفیسکی، کافکا، جویس... ئەم رۆماننووسانە ئاماژە دەکەن بۆ باری مرۆڤی هەلٚپچڕاو، ئەرکارد دەلٚیٚ: خەیالٚی رۆماننووسەکان پیٚچونی هیٚمای هەلٚگرتووە بۆ راستی و مرۆڤ، ئەم خەیالٚەش نویٚیەو و دەولٚەمەندەو سوود دەگەیەنیٚت بەتویٚژینەوەی ئیبستمۆلۆژی فیزیاوی. لە دریٚژەی باسەکەیدا ئەرکارد دەلٚیٚت: (ئەربانتس) لە رۆمانەکەی (دۆن کیخۆتە) رەخنە دەگریٚ لە رژیٚمی (ا.ب.ت* بەرامبەر بەرژیٚمی سروشت چۆن زلانی زانست سوورن لەسەر ئهو راستیانەی لە کۆتایی سەدەی بوژانەوە باوبووە. ئەرکارد سەرباری قسەکانی دەلٚیٚت: دەتوانریٚ هەمان رەخنە ئاراستەی ویٚنەی ئەمڕۆ بکریٚت.

بەلاٚم دیستوفیسکی لە رۆمانەکەی (فی القبو) زلالنی زانیار (ا.ب.ت) یەکسان دەکات بە (٢+٢=٤) واتە ئەوانە دەیانەویٚ مرۆڤ روون بکەنەوەو دوارۆژ دیاری بکەن بە گویٚرەی لۆژیکیٚکی نەزۆك. هەمان ویٚنە دەبینین لە رۆمانی کافکا (ئەلتەحەول) پالٚەوانی رۆمانەکە لە برسان دەمریٚ و دەگۆڕدریٚت بۆ جانەوەریٚك چونکە ئەوان زۆربەی کات خواردنیٚکی مرۆییان پیٚشکەش دەکرا. هەمان شت لە رۆمانی جیمس جویس (سید بلوم) دەبینریٚت. و باسی لەم بەرهەمانە کرد کە لەسەر ئەم ریٚڕەوە رۆیشتوون.

لە کۆتایی باسەکەیدا گوتی (یۆنانەکان خواوەندو قەدەر و نەریتی تایبەتی خۆیان هەبوو بەبیٚ هیچ ناکۆکیك ریٚگەیان دەدەن بەئازادی هەلٚسوکەوت، بەلاٚم ئەمڕۆ ریٚسای کۆمەلٚگە گۆڕاوە، لەگەلٚ ئامادەنەبوونی خواوەند تەنها بۆ مرۆڤ دوو سەرچاوەی لیٚك نزیکی هەیە ئەوانیش: لە دایك بوونی و کۆتاییەکەی. لە مۆزەخانەی مەکسیکۆی ئەنسرۆبۆلۆژی بەناوی (سەری ژیان و مردن) پەیکەریٚکی سەرسوڕهیٚنەری نیوە هەیە، چاویٚکی پیٚدەکەنیٚ ئەوەی تری دەگرییٚ ئەم شتەش ئەستەمە لەراستیدا، و (ئەلئەزدیك) سینەمەیان داهیٚنا و بۆی جیٚهیٚشتین ویٚنەیەکی راست لە سەدەکەمان: چاوی ژیان دەبڕیٚتە مردن، و چاوی مردن دەبڕیٚتە ژیان. ئەم پەیوەندییە وردەشمان نییە کە رەواقیەکان هەیانبوو. بەرامبەر ئەم هەموو شتە ئیٚمە هۆشیاریەکی تراژدیمان هەیە بۆ ناخۆشی ژیان، کە

دەمانەویٚ تیای دەربچین بەلاوازی ئایا دەبیٚ بگرێین یا پیٚ بکەنین؟ لەوانەیە هەردووکیان بێت لەکاتی بە ئاگابوونمان کە بەکەڵکە بۆمان ئەگەر جیٚبەجیٚبوو، و نووسەرە تراجیکۆمیدیەکان دەبیٚت یارمەتیمان بدەن. ئایا ئەم نووسەرانە هیچ رێگەیەکیان نەدۆزێتەوە بۆ ئازادی هەڵسوکەوت لە تەقالیدی ئیٚستامان؟ لەکاتی ئیجابیدا هەموو ئەو کەسانەی بەنا عەقلانی وەسف کرابوون دەبن بەعەقلانی.

شارڵ هیرش: چۆن بۆمان هەیە بزانین کە خەو دەبینین یان نا؟

شارڵ هیرش[٣] لیٚکۆڵینەوەیەکی پیٚشکەش کرد بەناونیشانی (ژیری بەرزڕەو) باسی لە دیکارت کرد لە روانگەکانیدا دەڵیٚت: لەگەڵ بوونی هەموو شتیٚك راستی نییە وەکو لە (شەیتانە نەفرەت لیٚکراوەکە)دا دیارە، بۆیە هیرش دەپرسیٚ) ئیٚمە لە خەوداین یا لە ئاگاییی؟). بۆ ئەم پرسیارە (هوسلەر)باس لە خەوێکی یەکگرتوو دەکات بەڵام بیر دەمانگوازیٚتەوە بۆ توانایەکی راست و دروست.

هیرش باس لە ناونیشانی بابەتەکەی دەکات و دەڵیٚت: (مەبەست لەناونیشانی بابەتەکەم ئەوەیە ئەگەر بیر توانی بگاتە خودی خۆی بۆ چەند جارێك ئەوە دەتوانی چەند جارێکی تر ئەم کارە دووبارە بکاتەوە وەکو چۆن لە فیزیای نیوتنی گواستنەوە روودەدات بۆ فیزیای ئیسبی و ئەم گواستنەوەیە لە ناوەوەدا تۆی نیسبی هەڵگرتووە. فیزیای نیسبی پارێزگاری کردووە لە دەستکەوتەکانی فیزیای نویتنی، فیزیای نیوتنیش بووە بەحاڵەتێکی تایبەت، بەم جۆرە دەبنین هەر رێبازێك لە خودی خۆیدا بنەڕەتی رێبازێکی فراوانتری تیٚدایە، ئەم راستیەش لە فەلسەفە دەبینرێت وەکو دەبینین دیکارت رێبازی گومان (شك) دیراسە دەکات لە جیاتی ئەوەی رەخنەی لیٚ بگرێت پاشان دایدەڕێژێتە ناو بیری رۆمانی (شەیتانە نەفرەت لیٚکراوەکە)، لەگەڵ ئەوەی دیکارت بەدانەری عەقلانیەتی نویٚ دادەنرێت نەیتوانی بگاتە کۆتایی رێگاکە بۆ دۆزینەوەی خەوی بەیەك بەستراو...

- چۆن دەتوانین بزانین خەو دەبینین یان نا؟

کاتێك ئاگادار دەبینەوە کە ئیٚمە خەو دەبینین هەست بەخۆمان دەکەین لە ژیانە ئاساییەکەی رۆژانەدا و لە لیٚکۆڵینەوەی زانستی و دانراوی نائاگا دەبینین وەکو گواستنەوە لە فیزیای نیوتن بۆ فیزیای نیسبی تیایدا بینرا کە دانراوەکانی (لورنتس) دارێژراوە ملکەچ بێت بۆ میکانیکی نیوتن بەڵام پێچەوانەی ئەمە رویدا. وادانراوێکی تر لە فیزیا ئەویش رەچاوکردنی سات بەرێك و پێکی بۆیە هەڵسانی بەپێوانی دیاردە میکانیکیە جیاوازەکان پاشان پێوەرێکی ترمان بۆ دانـاو هەڵسـاین بەملکەچکردنی واقیع بۆ بیردۆزەکە. وەکوو کەوتنە خوارەوەی تۆپێك دەبینین ئەم رووداوە دووبارە نابیٚتەوە بەڵام تاقیکردنەوەکە دووبارە دەبیٚتەوە، لە کۆتاییدا راستیەکی (سەبەبی) تیٚدا بەدیدەکەین، و ئەگەر بەدوای تاقیکردنەوەکەدا بچین دەگەینە ئەوەی کە بوونی گەردوون تەنها بۆچوونە، لەم بۆچوونەش دەردەکەویٚ کە زەمەن رێکوپێکە و بوونەوەر هەیەو خۆیشی دێنیٚتەوە وەکو چۆن هەبوو. ئەمانە چەند روون کردنەوەیەکی (هوسلەر)بوو بۆ هەڵجێنانی رێبازەکەی (فینۆمینۆلۆژی).

لەلایەن خۆیەوە (هیرش) بۆ (فینۆمینۆلۆژی) نموونەیەك دێنیٚت و دەڵیٚت: من لە بیابانێکی فراواندام و زۆرم تینوە لەناکاو گۆمێك دەبینم ناشزانم تراویلکە (سراب) چییە، کاتێك کە نزیك دەکەومەوە هەموو شتێك بزر دەبیٚت لەبەر چاوم لیٚرەدا بەرەنگاری دوو شت دەبمەوە ئەویش ئەو گۆمە هەیە یان نا، ئەگەر لەم

وێنانە بکۆڵینەوە کە لە بیرمان دا هەیە بەشێوەیەکی شلەژاودا دەیبینین، بۆ ئەوەی ئەم وێنانە تەواو بێت دەبێت هەستەکانمان بەکاربێنین وەکو دەست لێدان، تام، بۆن...) ئەمەش کاری بنیاتنانە یان پێکهاتە؟

گواستنەوە لە واتای خۆیەتی هاوبەش یان گۆڕاو و واتا (خەونی لێسەندنەوە خەون) گۆڕینەوە بەشداری دەکات لە بنیاتنانی جیهانی هاوبەش هەتا لە خەویشدا، بەم شێوەیە شتی گۆڕاو چەسپاو هەر چەند گۆڕدراوەکە بگۆڕێ جیهانی پێشووی هاوبەش سەربەخۆتر دەبێت.. و تەجسیم کردنی خەو واتە خەو نەبینین...

ئەنتوان فیفەر: (سروشت وتارێکە دەبێت هێماکانی هەڵوەشێندرێتەوە بەگوێرەی یەکسان کردنی و پێوان).

ئەنتوان فیفەر(٤) وتارێکی پێشکەش کرد بەناوی (گیانی فەلسەفەی سروشتی) تیایدا دەڵێت: لە زەمانی ئەرستۆ خەڵك هەڵساون بەتێکەڵکردنی فەلسەفەی سروشت و فەلسەفەی سروشتی، فەلسەفەی سروشت واتا بینین بۆ گێتییەکی یەك پارچە، تێکرا و گشتگیرو بەجووڵە نەك باس کردنی جوانی سروشت پێدا هەڵبەستی، دەبێت دیراسەی ئەو گشتییە بکەین بەهەڵسەنگاندن و پێوانە. بۆیە جیاکردنەوەیەکی روون دەبینین لە نێوان زەمەنی بیۆلۆژی و زەمەنی فیزیاوی لە سەرەتای سەدەی شازدەهەمەوە، و بەسەر سوڕماویش بەیەك کەوتنی نوێی عەقڵانی هاوچەرخ لەگەڵ ئەم بینینە دەبینین.- هەندێك لە وتەکانی فەلسەفەی سروشتی:

١- سروشت دەقێکە دەبێت هێماکانی هەڵوەشێندرێتەوە بەگوێرەی یەکسان کردن و پێوان، سروشتیش یەك گیانیە بۆیە کارێکی گەڕان لە ڕێباز نابێت.

٢- ئارەزوو بۆ بوونێکی بەرچاوی هاوبەش و چەند لایەنە شێوە لە گشت بەشەکانی زانست وەك پزیشکی، فیزیا، و هیتر...

٣- وەك یەکی نێوان ناخ و سروشت بەهاوسەنگی نەك بە واتای نەروستی.

بۆیە دەبێت فەلسەفەی سروشت ئەندێشەی زانایان هان بدات و بەتوانای بکات و دەبێت بینینی وەکو ئاوێنە بێت بۆ شتەکان و بەپێچەوانەشەوە. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت دەبێت دەرگاکان والا کەین بەرامبەر بەهێماکان و توانای ئەندێشە، و ئەزموونەکان لێیەوە جێبەجێ بێن.

بەسراب نیکۆلیسکۆ (وازهێنان لە هەوڵە کورتکراوەکان هاوێژەکان بۆ دۆزینەوەی یەك لۆژیکی کۆتایی).

ئەم وتارانە کۆتاییان هێنا بەوتاری بەسراب نیکۆلیسکۆ(٥) بەناونیشانی (چینەکانی بوون و عیبەر مەناهیجی) تیایدا دەڵێت دۆزینەوەی سنوری کوانتی دیارو نادیار لەیەك کاتدا گۆڕینی واتای واقیع راستیەکی لێکۆڵەری فیزیایە و شتێکی نادیار هەیە کە پاڵنەرە بۆ توێژینەوەی زانستی لەم بوونە کە بەشێوەیەکی نەماوە.

جیهانی شتەکان دەبینین لە چەند ئاستێکی جیاواز وەکوو جیهانی هەسارەکان و جیهانی گەردیلەکان... بەمەش هەر لێکۆڵینەوەیەك و توێژنەوەیەك بۆ ئاستێکی نوێ پێویستی بەلادان و لێکردنەوەی یاسا باوەکانی چینەکانی تر هەیە، چۆن دەبینین جیهان لە شت و بوونەوەری جیا پێکدێت، جیهانی کوانتیش (جیهانی بچکۆلە) لە شت پێك دێت و لە مانای سەبەبی ناوخۆیی لە فیزیای کلاسیکی دەردەچێت بۆ واتای سەبەبی گشتی لە فیزیای کوانتی. پێویستە چینەکانی واقیع و چینەکانی تەواوکاری تێکەڵ

نەکەین چۆن وەرگێڕانی چینێك بەزمانی چینێکی تر دەبێت وەکو وەرگێڕانی هەموو چینەکان کە دیراسەی دەکەین دەبێت کارەکە لەژێر جیهانێکی گونجاوبێت بۆ نموونە وەرگێڕانی هەموو ئاستەکان کە دیراسەی دەکەین دەبێت لەژێر یاسایەکی گونجاوبێت بۆ ئەوەی دیاردەیەکی سەرسوڕهێنەر نەبێت لە ئاستێکی تر لەو کاتەی کە شتێکی ئاساییە لە هەمان ئاست وەکو پێکهێنانی دوولایەنی شێوازی جەستەیی و شەپۆلی بۆ دابەشبوونی گیروگرفتەکی ناخۆش لەسەر چینەکان کاتێك کە هەردووکیان یەکەیەکی سەربەخۆیی تەواون لەسەر چینێکی کوانتی دوورنیە جیهانی چوار دووریمان پارچەیەك بێت لە جیهانێکی زۆر لایەن بۆیە زانستی نویێ ڕێگەمان پیێ دەدات بەتوێژینەوەو لێکۆڵینەوە بۆ گەیشتن بەبوونی یەك چین بۆ بوونەوەر. لەبەرنەبوونی یەك لۆژیك کە دنیای پڕ بکاتەوە دەبێت کار بکەین بۆ لادانی هەموو (تاك) و دانانی (کۆ) لە شوێنی بەم جۆرە وشەی: سەبەبی، زەمەن، وزە.. هتد دەگۆڕێت بۆ: سەبەبەکان، زەمەنەکان، وزەکان... هتد.

لەگەڵ زۆرینەی ئاستەکانی بوون (واقیع) ئەندێشەی مرۆڤ جێبەجیێ دەبێت و دوو ئەندێشە دێتە ڕێگامان: یەکەمیان کار دەکات لەسەر ئاستی یەك بوون و ئەوەی تریان کار دەکاتە سەر چەند ئاستێك ئەندێشە لەبیر هێماکانی وەردەگرێت وەك بوتسترات و یەك لایەنە دەگەڕێت بۆ دۆزینەوەی ڕێسا بۆ دیاردەکانی جیهان. گۆرانیش واتا رازی بوون بەبوونی چەند ئاستێك بۆ بوون نەك یەك ئاست چۆن لای (بلانك) دۆزەری (کوانتا) دەبینرێت لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی لە نێوان ئەم بەهاو واتا نوێیانەو لە نێوان بوونی کۆمەڵایەتی، و پێویستە گرنیگدان بەزانست زیاتر بکرێت لەلایەن شتە ناسراوەکانی ئاستەکان. (فیفر) دەڵێت دەبێت ئەم ئاستانە بخوێندریێ بەپێچواندن وەکو کۆمەڵگەو گەردیلە.. و دەبێت ڕێسای پێکچواندن هەبێت لە نێوان ئەم ئاستانە ئەم ڕێسایە بەهۆی گەڕان دروست دەبێت بەهۆیەوە هەڵدەستین بەدۆزینەوەی یەکەیەکی هاوبەشی نێوان زانستە جیاوازەکان و بەشەکانی زانیاری بیێ ئەوەی هیچ یەکێکیان ناسنامە تایبەتی خۆی لەدەست بدات ئەمەش ناوبراوە بە (عبر ناهجیە).

نیکۆلاس کۆتایی بەبابەتەکەی دێنێت دەڵێت: واز لە هەموو هەوڵە تێکدەرانە بێنین بۆ دۆزینەوەی لۆژیکێکی کۆتایی بۆ ئاستەکانی بووندا، و هەروەها وازبێنین لەو هەوڵانەی کە بڕوا بەهیچ نزیك کردنەوەیەك و گفتوگۆیەك ناکەن لە نێوان ئاستەکاندا.. بەم جۆرە دوور دەکەوینەوە لە تەڵەکەبازی و جودایی نێوان گفتوگۆی چەند لایەن لە هەمان کاتدا.....

---

### پەراوێزکان

١- ئەدگار مۆران/ بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوە لە بنکەی نیشتمانی فەرەنسی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی.

٢- ل. م. ئەرکارد/ توێژەری پسپۆر لە ئەدەبی موقارن.

٣- شارڵ هێرش/ زانای ماتماتیك، گرینگی دەدات بەپەیوەندی لە نێوان زانست و فەلسەفە.

٤- ئەنتوان فیفەر/ مێژوونووسی ئاینەکان و مامۆستا لە زانکۆی روون.

٥- بسراب نیکۆلسکۆ/ فیزیاویە لە بنکەی نیشتمانی بۆ توێژینەوەی زانستی.